ئەسەد حەیدەری

# دەس هەڵگرە!

ئەو کارگەیەی
رۆژ و مانگ و ساڵ و ژینی خەسار کردوین
بە جێ بێڵە!

نەسڵاو نەسڵ
لە تان و پۆی ئاوریشمین،
جل و بەرگی جوان و رەنگین
ژین و جوانی و هێز و تینمان بە جێ هێشتوین!
وەرە هاورێ،
وەرە ئەمرۆ، ئەو کارگەیە بە جێ بێڵە!

*
رۆژ لە دوای رۆژ
ساڵ دوازدە مانگ، ساڵەهای ساڵ
چەقی شەبەق تا درەنگانی ئێواران
شیرەی گیان و هێزی لەشمان
گۆڕایەوە بە پاروی نان
بە بژیوی مەمرە و مەژی!

ئەم تەوقەیان کردینە مل:
"هیچ ناکرێ چار ناچارە
هەتا هەتایە وا بووە هەر واشدەبێ
پێخاوس بە پێ و، سووار هەر سووارە"

گوایە "هیچت لە دەس نایە
ناو چاوانت رەش نووسراوە
هەر ئەم بەشەت پێ بخشراوە؛
ئەمە موری چارە نووسە و چار ناچارە"

*
دەس هەڵگرە؛
دەس هەڵگری کووچە و کۆڵانی ئەم شارە
نوقمی زبل و ئاشغاڵ دەبێ و
هەموو وڵات قەوارەێ زبڵدان ئەگرێ

دەس هەڵگری چراێ شەقام هەڵ ناکرێ و
تاریکایی شار دادەگری

دەس هەڵگری هیچ سەوزەییک ئاو نادرێ
دار و درەخت بەر ناگری
هیچ نانیک ناچێتە تەنوور

هیچ سفرەییک راناخرێ

دەس هەلگرە،
دەس هەلگری هیچ هات و چوویک بە ئاسانی سەر ناگرێ
دەس هەلگری قۆمێ ئاوی پاک بو خواردن، دەس ناکەوی
دەس هەلگری بەرد لە سەر بەردیش ناسرەوێ

دەس هەلگرە؛ با هیزی لە بن نەهاتووت
بوت دەرکەوی

با بیزانین:
ئیمە شار بە ریوە دەبەین نەک شارەوان
ئاسایش دەسکردی ئیمەس نەک پاسەوان
زیر و پارە لە سەر دەست و
هیزی باهوی کریکار کەلەکە کراوە نەک بانکەکان!
*
ئەو کارگەیە بە جی بیلە
ئەمرو روژی دەسکیشانە
ئەمرو روژی ری پیوانە

دەس و قولمان لیک گری دەین
ئەمرو روژی تیگەییشتن لە خومانە

روژی راوێژی چۆناو چۆن
تان و پوێ کفنی دەورێ کون
بچنین بچنین بێ راوەستان
گورێ دنیاێ سەرو بنیان
بو هەلکەنین بە دل بە گیان

دەس هەلگرە
ئەمرو ئەوەلی ئایارە
با قوو بکری بە جیهانا:
"جیژنی چینی کریکارە"!